وەزارەتی نەوت تەواوکردنی بیرکی نەوتی لە کێگەی بای حەسەن راگەیاند

وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند، بیرکی دیکەیان لە کێگەی نەوتی بای حەسەن لە رۆژئاوای پارێزگای کەرکووک تەواوکرد، کە لەلایەن تیمە خۆجێیەکانەوە لەدرابوو، تەواوکردنی ئەم بیرە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر بوژانەوەی عێراق.

لە راگەیەندراوی وەزارەتەکەدا هاتووە، تیمە خۆجێیەکانی کەمپانیای هەڵکەندنی بیرە نەوتیەکانی عێراق بیری نەوتیی بای حەسەن/199یان لە کێگەی بای حەسەن لە رۆژئاوای کەرکووک بە کەمپانیای نەوتی باکوور تەواوکرد."

بڕیاری راگەیەندراوەکە، قووڵیی بیرکە هەزار و 810 مەتر دەبێت و لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری هەڵکەندنی IDC 222ـەوە هەڵکەندراوە کە توانای هەزار ئەسپی هەیە.

بەتەواوکردنی ئەم بیرە پارەی داهات و گەشاوەی وەزارەتی دارایی زۆر زیاد دەکات، کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر موچڕی هەرەمی کوردستان و عێراق و بوژانەوەی وڵات، جگە لە تەواو کردنی ئەم بیرە رۆژ لە دوای رۆژیش نرخی نەوت لە بەرزبوونەوە دایە، بەجۆرێك بە بودجەی عێراق نرخی یەك بەرمیل نەوت 70 دۆلار دیاریکراوە، لە ئێستادا نرخی یەك بەرمیل نەوات بە 91 دۆلارە و بە هەر بەرمیلێك زیاتر لە 21 دۆلار زیاترە و کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر داهاتی عێراق.